# شیعری (وەسێتنامەی زەوی)(کەژاڵ ئەحمەد)
# لەبەر ڕۆشنایی
# (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی)دا


## پ. ی. د. فوئاد ڕەشید محەمەد
## کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی زمانی کوردی
## زانکۆی سەلاحەددین


## پێشەکی

ئاشکرایە لە قۆناغی (دوای نوێخوازی = Post modernism) -کە زیاتر ساڵانی حەفتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە- بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆوە بینی و چەندان تیۆر و میتۆد و ئاراستەی ڕەخنەیی نوێ هاتنە ئاراوە. لەمانە (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) کە لەژێر کاریگەریی توێژینەوەکانی بواری ژینگەناسیی (ئیکۆلۆژیا)بوو . ئەمەش هاوکاتی بڵاوبوونەوەی ئەو دەقە ئەدەبی و توێژینەوە زانستیانە بوو کە باسیان لە ڕۆڵی نێگەتیڤییانەی تەکنۆلۆژیاو پیشەسازیی هاوچەرخ دەکرد لە بەرپاکردنی چەندان کێشەی مەترسیدار بۆ ژین و ژینگە.

هۆی هەلبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەبۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەخنەگرانی کورد گرنگییەکی زۆریان بە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی نەداوە، وەک ئاراستەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ . بایەخ و گرنگیی لێکۆلینەوەکەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ، هاوشانیی دەقی شیعری کوردی هاوچەرخ دەخاتەڕوو لەگەڵ کێشەو گرفتە زانستی و مرۆییەکانی ئەم سەردەمەدا. هەڵبەتە وەکو نموونەیەکی شیعری کوردی هاوچەرخ، دەقی شیعری (وەسێتنامەی زەوی) (کەژاڵ ئەحمەد)مان هەڵبژاردووە، پێمان وابووە نموونەیەکی گونجاوە بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی. هەر



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێرەشەوە میتۆدی شیکارییە ڕەخنەییەکە ڕوون دەبێتەوە کە سوودی لەچەمک و ڕوانینەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی وەرگرتووە. ئەگەرچی ئەم جۆرە ڕەخنەیە پتر سەرقاڵی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و پەیامی دەق دەبێت لە گۆشە نیگای فەلسەفەی ژینگەناسییەوە، بەلام لێکۆڵەر هەوڵیداوە لایەنی ئیستاتیکی دەقەکە فەرامۆش نەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت.

تەوەری یەکەم : وەکو دەروازەیەکی تیۆریی تەرخانکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمک و ئاراستەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، لە تەوەری دووەمیشدا، وەکو نموونەیەکی پراکتیکی لەبەر ڕۆشنایی دیدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی خوێندنەوەیەکی شیکاریی بۆ دەقی (وەسێتنامەی زەوی) کراوە.

## تەوەری یەکەم: ڕەخنەی ئیکۆلۆژی: ئەدگار و ئاڕاستە

**١. چەمکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی (النقد البیئی** = Eco – Criticism)

چەمکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، وەکو زۆربەی چەمک و زاراوەکانی دیکەی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە دەربڕینی جیاواز پێناسەکراوە. هۆکاری ئەمەش لە لایەک بۆ فرە بابەتیی گوتاری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دەگەڕێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە، نوێبوونی بابەتەکە لەناو توێژینەوەکانی ڕەخنەو تیۆری ئەدەبدا (جمیل حمداوی، ٢٠١١، ص ٢٩٧).

لەم چوارچێوەیەدا (مایکل برانش) ئاماژە بە لایەنێکی ئەم کێشەیە دەکات و دەڵێت ((لەوکاتەی کە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی هەوڵی ناساندنی خۆی دەدات، لە هەمان کاتدا فرەجۆرییەکی لە خوێندنەوەی ژینگەگەراییدا وای هێناوەتە ئاراوە کە هەندێ جار زۆر لە یەکترییەوە دوورن)). (مایکل برانش، ماڵپەری:www.maaber.org ).

هەر لێرەشەوە چەندان دەستەواژە و زاراوەی جیاواز بەهەمان مەبەستی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بەکارهاتوون، (جمیل حمداوی، ٢٠١١، ص ٢٩٦). بۆ نموونە:

- لێکۆڵینەوەی کەلتووریی سەوز (الدراسات الثقافیة الخضراء = Green Cultural Studies).

- شیعرییەتی ژینگەیی (الشعریه البیئیة = Eco Poetics).

- ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی (النقد البیئ الأدبی = Environmental literary criticism).

- ڕەخنەی سەوز (النقد الخضراء = Green Criticism) (محمد ابو الفضل بدران،ماڵپەری: svu).

**ئەم پێناسانە نموونەیەکی بیروبۆچوونە جیاوازەکانن:**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

* (چێرلی گلۆتفیلی) پێیوایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ((بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و ژینگەی ماددی)) (جورج جرارد، ٢٠٠٩، ل ١٥).
(جۆرج جرارد) لە شیکردنەوەی پێناسەکەی (گلۆتفیلی)دا دەگاتە ئەو ڕایەی کە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی (چەشنێکە لە شیکاری سیاسی) (جرج جرارد، ل ١٦).
ئەمەش لەو گۆشە نیگایەوە کە (ڕەخنەگرە ئیکۆلۆژییەکان، شیکردنەوە کەلتوورییەکانیان بەو ئەجێندایانەوە دەبەستنەوە کە کار بۆ پاراستنی ژینگە دەکەن) (جرج جرارد، ل ١٦).

* (ئۆرسۆلا. ک. هایزە) کە پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزی و ئەدەبی بەراوردکارییە لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە پێناسەکردنی رەخنەی ئیکۆلۆژیدا دەڵێت: ((ڕەخنەی ئیکۆلۆژی یاخود (ڕەخنەی سەوز) لقێکە لە لقەکانی ژینگە ناسیی، ئەرکیشی شیکردنەوەی ڕۆڵی ژینگەی سروشتییە لە دروستکردن و فەراهەمکردنی خەیاڵگەی گروپێکی کەلتووری)) (اورسولا. ک. هایزە، ماڵپەڕی: www.maaber.org).
لە کۆی لێکدانی ئەم جۆرە پێناسانەو هاوشێوەکانی، دەکرێ بڵێین: ((ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە کە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرێکی ژینگەیی، گرنگیی بە لێکۆڵینەوەی تێکست و گوتارە ئەدەبییەکان دەدات، واتا لە نێو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لە پێگەی ژینگە و سروشت و زەوی و شوێن دەکۆڵێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕووی ڕوانینی نووسەر و هونەرمەندان دەربارەی کێشەو بابەتەکانی ژینگە)). (جمیل حمداوی، ٢٠١١، ص ٢٩٧).

*** ئەرکی ڕەخنەگر لە بەردەم ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا.**
ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بەهۆی کارکردنی لەنێو کایەی ئیکۆلۆژیادا، بە ڕەخنەیەکی فرە ڕەهەند دادەنرێت، چونکە لێرەدا ئیکۆلۆژیا بە تەنها وەکو کایەکی زانستی سەرچاوەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە نییە، بەڵکو (فەلسەفەی ژینگەرایی = Ecological Philosophy)ش سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ڕەخنەگری ئیکۆلۆژی. لێرەوە گوتراوە (شەنگست و بنەما هزرییەکانی فەلسەفەی ژینگەگەرایی لانکەی بیرو بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییە). (دلیله مكسح، ماڵپەڕی: www.maaber.org).
ئەگەرچی شارەزایان بە دەربڕین و شێوازی جیاواز ئاماژەیان بە ئاست و ڕەهەندە جیاوەزاکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی کردووە، بەڵام دواتر هەموو پۆلینکردنەکان لە نێو بازنەی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران و سروشت و زەویدا خۆی دەبینێتەوە.
بۆ نموونە (مایکل زیمرمان) پێیی وایە (فەلسەفەی ژینگەگەرایی) سێ بواری سەرەکی دەگرێتەوە (مایکل زیمرمان، ٢٠٠٦، ص ١٨ - ١٩).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**یەکەم: ئێتیکی ژینگەیی (الأخلاق البيئة= Environmental Ethics)**

**دووەم: ئیکۆلۆژیای ڕیشەیی، ئەمەش سێ لقی دەبێتەوە:**

أ ـ ئیکۆلۆژیای قووڵ (Deep Ecology) ڕەوتێکی نێو فەلسەفەی ژینگەگەراییە، بۆیە بەم ڕەوتە دەگووترێ، (ئیکۆلۆژیای قووڵ)، چونکە ((لایەنگرانی باوەڕیان وایە شیکارییەکانیان بنیاتی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تەنگژە و کێشەکانی ژینگە ڕوون دەکاتەوە. پێیانیش وایە له ڕێگەی شۆڕشێک یاخود هەوڵێکی نوێی ڕۆشنبیرییەوە لە نموونەیەکی ڕێنمایکارییانەدا، دەکرێ هەسارەی زەوی لە وێرانکارییە ژینگەییەکان بپارێزرێت)). (مصطفی النشار، ٢٠١٥، ص ٦٠ ـ ٦١).

ب ـ ئیکۆلۆژیای فێمنستی.

ج ـ ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی.

**سێیەم: ئیکۆلۆژیای چاکسازیی.**

بەڕای چەند توێژەرێکی دی بوارەکانی فەلسەفەی ژینگەگەرایی پەیوەستە بە:

ـ ئیکۆلۆژیای سیاسی.

ـ ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی.

ـ ئیکۆسایکۆلۆژی. (مصطفی النشار، ٢٠١٥، ص ٥٩).

بەهەر حاڵ دابەشکردن و پۆلینکردنەکان هەرچۆنێک بن، بابەتی کاریگەری مرۆڤ و زانست بەسەر سروشت و ژینگەو گیانلەبەرانەوە بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەی ژینگەگەراییە، بە تایبەتیش بابەتی پیسبوونی ژینگە (تلوث البيئة).

هەڵبەتە شۆڕشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژی لە جیهانی ئەمڕۆدا، لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی لە ژیاندا بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هۆکاری هاتنە ئارای چەندین کێشەو مەترسییە بۆ ژیان و مرۆڤ. (آ. آیە بوکانان، ٢٠٠٠، ص٢٠٠) پیسبوونی ژینگەش یەکێکە لەم کێشانە کە بریتییە لەهەر تێکچوونێک لە ژینگە لە ناڕێکی و ناهاوسەنگی لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ژینگە دروست دەکات، یا هۆکاری ئەمەش هەر ڕەفتار و چالاکییەک بێت لە نەزانینەوە یاخود بە زانینەوە بێت. (زينب منصور حسيب، ٢٠١١، ص ٢٥٢).

دیارە کێشەکانی پیسبوونی ژینگەش فرە جۆرن وەک:

ـ پیسبوونی (ئاو و هەوا، خاک).

ـ پیسبوونی تیشکاوی (الاشعاعی) کە زیاتر زادەی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمییە.

بە گشتی پیسبوونە جۆراوجۆرەکان چەندان کێشەیان بۆ سروشت و ژینگە و ژیانی مرۆڤ دروستکردووە. وەکو کێشەی (تەنکبوونەوەی چینی ئۆزۆن، کێشەی پاشەڕۆکە ژەهراوییەکان) هەموو ئەمانەش مرۆڤ و زیندەوەرانیان دووچاری چەندان نەخۆشی کردووەتەوە و هەندێ جاریش بوونەتە مایەی لەنێو چوونی ژیانی گیانلەبەران.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەواتە لەبەردەم ئەم ئاراستە جیاوازانەدا، ئەرکی ڕەخنەگری ئیکۆلۆژیش ئاڵۆز و زەحمەتتر دەبێت. لە ئاست ئەرکی ڕەخنەگر، بۆچوونی جیاواز هەیە.

(دیڤید کارتر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پرسیاری ڕەخنەگر یان شیکردنەوە ڕەخنەییەکە ڕۆڵی خۆی دەبێت لە جۆری ئەرکی ڕەخنەگرەکە. ئەگەر پرسیار ئەوەبێت کە ((ئایا پیاوان جیاوازتر لە ئافرەتان باسی سروشت دەکەن؟)) (دیفید کارتر، ٢٠١٠، ص ١٥٤) لێرەدا ڕەخنەگر دەکەوێتە ناو بازنەی ڕەخنەی ئیکۆ فێمنیستییەوە.کە دژی سینتەرگەرایی رەگەزی نیرە.

هەندێ جار ئەو ئاراستە ئیکۆلۆژییەی کە رەخنەگر کاری لەسەر دەکات، هەڵبەت ئەمەش بەشێکە لە تێڕوانینی خۆی، بۆ نموونە رەخنەگر لەکام ئاراستەیە؟

سێنتەرگەرایی مرۆڤ، یان سێنتەرگەرایی ژینگە یان ئاژەڵ و گیانلەبەرانە؟؟ هەریەک لەم ئاراستانە هەروەک چۆن کاریگەری هەیە بە ڕوانین و ڕەفتارمانەوە لە بەرامبەر سروشت و ژینگەدا (جرج جرارد، ٢٠٠٩، ص ١٨٨)، ئاوەهاش لەنێو گوتاری ڕەخنەییشدا کاریگەریی خۆی دەبێت، چونکە پەیوەستە بە هەڵوێست و ڕوانینی ڕەخنەگریشەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین، ڕەخنەگری ئیکۆلۆژی بە ئاراستەی پاراستنی ژین و ژینگەی مرۆڤ کاردەکات هەوڵدەدات، زەمینەیەک بسازێنێت کە هەماهەنگیی و هاوسەنگیی لە نێوان مرۆڤ و سروشت بێتە ئاراوە. (حفناوی بعلی، ٢٠٠٧، ص ٣٣٤).

هەر لەم گۆشە نیگایەوە ((ڕەخنەی ئیکۆلۆژی تاوتوێی ئەتیکی ژینگەگەرایی دەکات بە مەبەستی گەشەکردن و پەرەپێدانی بەها پۆزەتیڤییەکان لە ئاست ژینگەدا)). (حفناوی بعلی، ٢٠٠٧، ص ٣٣٤).کەواتە دەتوانین بڵێین ، رەخنەی ئیکۆلۆژی پتر رەخنەیەکی فەلسەفییە، زیاتر گرنگیی بە ناوەرۆک و پەیامی دەق دەدات ، نەک لایەنی ئیستاتیکی دەق.

دەمێنێتەوە بڵێین لە شیکردنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبیدا خودی پێکهاتەی بابەتییانەی دەقەکەش گرنگە، دواتریش ئامانج و مەبەستی کارە ڕەخنەییەکە، هەموو ئەمانە پێکەوە ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی ئەرکی ڕەخنەگر.

**٢. سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی:**

ئاشکرایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی پەیوەندییەکی بەتین و ڕاستەوخۆی بە (ژینگە ناسیی = علم البیئة = Ecology) یەوە هەیە (جرج جرارد، ٢٠٠٩، ل ١٧).

بە شێوەیەکی گشتی، ژینگە ناسیی، ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندییەکانی نێوان گیانلەبەران و سروشت و لەلایەکی دیکەشەوە لە کاریگەریی و پەیوەندییەکانی نێوان گیانلەبەراندا دەکۆڵێتەوە. (زینب منصور حبیب، ٢٠١١، ص ٥٠٤). بە کورتی گرنگیدان بەم پەیوەندییانە لەم سێ ئاستەدا دەبێت:

ماددی (توخمە مادییەکانی سروشت)، زیندەیی (زیندەوەران)، ژیانی مرۆیی. (مایکل زیمرمان، ٢٠٠٦، ص ٨). خودی زاراوەی (Ecology)یش بۆ یەکەمین جار لەلایەن زانای ئەڵمانی (آرنست


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هایكل)ەوە لە ساڵی ١٨٦٦ بەكارهێنراوە و زاراوەكەشی لە وشەی (Oikos)ی یۆنانییەوە، دارشتووە کە ماناى (ماڵی خێزان) دەگەیەنێت. (مصطفى النشار، ٢٠١٥، ص ٥٦).

ئەگەرچی سەرەتای سەرهەڵدانی ژینگەناسیی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە و ئەگەرچی ئامادەبوونی ڕواڵەتەكانی سروشت لە نێو ئەدەبدا تەمەنێكی درێژتر و زۆرتری هەیە، بەڵام ڕەخنەی ئایكۆلۆژی وەکو ئاراستەیەكی ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاكانی سەدەی بیستەم.

خودی زاراوەی (ڕەخنەی ئیكۆلۆژی) بۆ یەكەمین جار لە ئەمریكا، لەلایەن (ولیام روکیرت)ەوە بەكارهینراوە . ئەمەش لەو وتارەیدا کە بەناونیشانی (ئەدەب و ژینگەناسیی : ئەزموونێک لە ڕەخنەی ئیكۆلۆژی) لە ساڵی ١٩٧٨ بلاویكردەوە. (جمیل حمداوی، ٢٠١١، ص ٢٩٦).

ئەو زەمینە بابەتییەی کە (ڕەخنەی ئیكۆلۆژی) تیایدا سەری هەڵدا، بریتی بوو لەو قۆناغەی کە زاناو شارەزایانی بواری ژینگەناسیی پتر هەستیان بە كێشەو تەنگژەكانی ناو ژینگە كرد، هەڵبەتە ئەمەش لەژێر كاریگەری نێگەتیڤیانەی زانستی و تەكنۆلۆژیا بوو بەسەر كایە جیاوازەكانی ژینگە و سروشت و ژیانی مرۆڤیشەوە.

لێرەوە مرۆڤ وەکو گوزارشتكردن لە هەستی ئێستاتیكییانەی خۆی لە ئاست قەیران و تەنگژەكانی ژینگە، لە ڕێگەی تێكستی ئەدەبییەوە پتر گرنگی بە بابەتەكانی پاراستنی ژینگە و سروشت داوە. (مایكل برانش، ماڵپەڕیwww.maaber.org ).

لەم میانەشدا جۆرە دەقێک هاتوونەتە ئاراوە کە كێشەكانی ژینگە و سروشتییان كردووە بە ناوەڕۆكی ئەزموونە ئەدەبییەكەیان، هەندێ لە سەرچاوەكانی ڕەخنەی ئیكۆلۆژی زاراوەی (دەقی ژینگەیی) یان (ئەدەبی ژینگەیی = Literary Ecology) بۆ ئەم جۆرە دەقانە بەكارهاتووە. هەر بۆ نموونە (چێرلی گلۆفیلتی) و (هارۆلد فرۆم) لە كتێبەكەی خۆیاندا (Ecocriticism – Reader – Landmarksin Literary Ecology). کە لە ساڵی ١٩٩٦ بڵاویانكردووەتەوە، زاراوەی (ئەدەبی ژینگەیی) یان بەكارهێناوە.

هەڵبەتە ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی، پۆلینكردن و شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە (م. هـ ابرامز، ١٩٨٧، ص ٥٦) ڕەخنەی ئیكۆلۆژیش لە ڕێگەی شیكردنەوە و خوێندنەوەی (تێكستی ژینگەیی)ەوە پتر كێشەكانی مرۆڤی پەیوەست بە ژینگە و سروشتەوە وروژاندووە بە تایبەتیش دوای سەرهەڵدانی ئەو ڕێكخراو و سەنتەر و گروپانەوە کە داوای پاراستنی ژینگەیان دەكرد لە بەرانبەر دیاردەی پیسبوونی ژینگە لەهەر سێ ئاستی وشكایی و ئاویی و ئاسمانیشدا (جمیل حمداوی، ٢٠١١، ص ٢٩٧).

سەرچاوەكانی بواری ڕەخنەی ئیكۆلۆژی لە ئاماژەدان بە هەوڵە پێشەنگ و سەرەتاییەكانی ئەم جۆرە ڕەخنەیە هاوڕانین و باس لە بەرهەمی ڕەخنەیی و مێژوویی جیاواز دەكەن " پێمان وایە ئەم ڕا جیاییە بەشێكی پەیوەستە بە جیاوازی شوێن و وڵاتی ڕەخنەگرەكانەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەڕای هەندێک لە توێژەران، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ئەوکاتە زیاتر بەدیارکەوت کە فەیلەسوفی نەرویجی (ئارنی نیس، ١٩١٢ ـ ٢٠٠٩) پوختەی چەند باسێکی پەیوەست بە گیانلەبەران و ژینگەوە لە گۆڤاری فەلسەفەی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکردەوە. (حفناوی بعلی، ٢٠٠٢، ص٣٣٦). بەڕای هەندێکی تر ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی پتر بەدیارکەوتن و چەسپاندنی بیروبۆچوونەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دادەنرێت. ئەمە هاوکات بووە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەیەی کە لە تێڕوانینی شارەزایانی بواری ژینگەناسیی هاتووەتە ئاراوە، لەگۆڕینی ڕوانینی (سێنتەرگەرایی مرۆڤ) بۆ سێنتەرگەرایی ژینگەیی (eco centrism). (مایکل زیمرمان، ٢٠٠٦، ص ٢٣٣).

## تەوەری دووەم: شیعری (وەسێتنامەی زەوی) کەژاڵ ئەحمەد لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا

١ـ دەقی شیعری (وەسێتنامەی زەوی) شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد) دەقێکە لە دوو توێی کۆمەڵە شیعری (من دەبێت خۆم ببسمپل بکەم) کە لە ساڵی (٢٠١٤) لەلایەن دەزگای (ڕۆشنبیری جەمال عیرفان-سلیمانی) بڵاوکراوەتەوە. دەقی ناوبراو وەکو لە کۆتاییەکەیدا نووسراوە ساڵی (٢٠١٢) بەو واتایەی کە لەم ساڵەدا دەقەکە نووسراوە. ئەمەش دەقە شیعرییەکەو لە لاپەڕەکانی (١٦ ـ ١٨)ی کۆمەڵی شیعری ناوبراودایە.

**(وەسێتنامەی زەوی)**

کە تۆ خەوتوویت
زەوی لەخەو ڕادەبێت و
وەسێتنامەیەک دەنووسێت
تیایدا دەڵێت:
ئەی مێژووی مرڤ
مێژووی تەپاڵە
چەند بەزەیم
بەو میللەتە مانگایانەدا دێتەوە
کە تۆیان لەسەر ڕێگەی ڕۆشتنی
ڕۆژانەم کردووە!

هەوەرها دەنووسێت:
بەمن چی
دۆزینەوەی کارەبا
چوونە سەر مانگ

ناردنی هەسارەی دەستکردت
بۆ ئاسمان؟!
پێشبینی سەیری تۆ
بۆ باران و بوومەلەرزە و
ئاڕاستەی ڕەشەبا؟!
کە من هەموو ژیانی تۆم
تۆ چیت بۆ من
داهێنەری کوورەی ئەتۆم
پاداشتم ئەوەیە
دەمکەیتە پیسترین زبڵدان
قانگم دەدەیت بە دووکەڵ و
وەکو تەپڵەک پڕم دەکەیت لە سووتوی جەنگ
لە پاشماوەی شەهید و دیکتاتۆر
بێزارم دەکەیت بە ساردیی و بێباکیت،
بێ ویژدان...
منی زەوی
بڕیاربوو زۆر زیاتر بژیم
بەڵام نا... خۆم نەمویست
کە ڕۆیشتیشم تا بڵێی ئاسوودەم
لەبەر ئەوەی
من تەنیا مردوویەک دەبم
هیچ لەدوای خۆم جێناهێڵم
نەمیراتگر و نەمیرات.

**٢. شیکاری ڕەخنەیی:**

*** ناونیشانی دەق:**

هەڵبەتە لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا، گرنگییەکی زۆر بە (ناونیشانی دەق) دەدرێت ، چونکە ((ناونیشان تەنها دەستەواژەیەکی زمانیی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلێکی ڕاڤەکاریی بنچینەییە بۆ کردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق)). (محمود عبدالوهاب، ١٩٩٥، ص ٣١).
ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە سەرنجی ناونیشانی ئەم دەقە شیعرییەی (کەژاڵ ئەحمەد) بدەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە (گۆی زەوی) کە لانکەی ژیانی مرۆڤایەتی و سەرجەم گیانلەبەرانە، (وەسێتی) کردووە، هەڵبەتە لێرەدا لە کردەیەکی ئیستاتیکییانەدا و لە ڕێگەی (بە مرۆڤکردنی زەوی)یەوە، تێدەگەین کە (زەوی) لە دۆخێکی زۆر خراپدایە و نزیکی مەرگ و لەناوچوونە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چونکە مرۆڤەکان لەم جۆرە دۆخانەدا وەسێت دەکەن. کەواتە خودی (ناونیشانی دەقەکە) زەنگ لێدانی ڕووداوێکی ترسناکەو وێنەی زەویمان وا دێنێتە بەرچاو کە لەسەرە مەرگدایە و دڵنیاشە لە مردن و لەناو چوونی، بۆیە وەسێتی کردووە. لێرەوە (خوێنەر) لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەوە، چاوەڕوانی ناوەڕۆکی وەسێتنامەکە دەکات، ئەو پرسیارەشی لا دروست دەبێت کە ئاخۆ چ هۆکارێک وایکردووە، کە زەوی بگاتە دۆخی وەسیتکردن (نزیکبوونەوە لە مەرگ)؟

*** وردەکاریی ئەزموونی ئەدەبیی دەقەکە:**

دەقە شیعریی (وەسێتنامەی زەوی) بەم شێوەیە دەستپێکردووە:

کە تۆ خەوتوویت
زەوی لە خەو ڕادەبێت و
وەسێتنامەیەک دەنووسێت
تیایدا دەڵێت:
ئەی مێژووی مرۆڤ..
... ... ...

کەواتە بنیاتی گەمەی ئیستاتیکی دەقەکە بریتییە لە بەقسەهینانی زەوی (سکاڵای زەوی بۆ مرۆڤ) بە دەربڕینێکی تر (زەوی) ڕەخنە لە ژیان و مێژووی (مرۆڤ) دەگرێت.

مێژوویەکە بەلای (زەوی)یەوە، مێژووی فڕێدانی پاشەڕۆکە بۆ سەر زەوی، دیارە ناوەڕۆکی ئەم مێژووە بۆ (زەوی) شتێکی نەخوازراوە، بۆیە بە جۆرێک لە بێبایەخکردن سەیری کردووە و ویستوویەتی بە (مرۆڤ) بڵێت، تۆش وەکو ئاژەڵێکی بێ ئەقڵ هەر خەریکی خۆراک و پاشەڕۆک فڕێدان بووی بەسەر پانتایی ڕووبەری مندا.

(زەوی) بەردەوامە لە ڕەخنەگرتنی لە پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ:

بە من چی
دۆزینەوەی کارەبا
چوونە سەرمانگ
ناردنی هەسارەی دەستکرد
بۆ ئاسمان؟!
پێشبینی سەیری تۆ
بۆ باران و بوومەلەرزە
ئاڕاستەی ڕەشەبا؟!
کە من هەموو ژیانی تۆم


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تۆ چیت بۆ من
داهێنەری کوورەی ئەتۆم
پاداشتم ئەوەیە
پاداشتم ئەوەیە
دەمکەیتە پیسترین زبڵدان
قانگم دەدەیت بە دووکەڵ و
وەکو تەپڵەیەک پڕم دەکەیت لە سووتووی جەنگ
لە پاشماوەی شەهید و دیکتاتۆر
بێزارم دەکەیت بە ساردیی و بێباکیت،

لێرەدا شاعیر لەسەر زاری (زەوی)یەوە بە مرۆڤی هاوچەرخ دەڵێت، هەموو پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژییەکانت لەسەر حسابی وێرانکردن و تێکدانی لانکەی ژیان (زەوی)یە. سەرچاوە زانستییەکانی بواری ژینگەناسیی ئاماژە بۆ ئەوەی دەکەن کە پێشکەوتن و داهێنانە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان لەگەڵ سوود و ڕووە باشەکانیان، چەندان کێشەی ترسناکیان بۆ ژیان و سروشت و زەوی هێناوەتە ئاراوە، کە ترسی وێرانکردنی زەوی و تێکڕای ڕواڵەتەکانی ژیانی لێدەکرێت. (آر. آیە، بوکانان، ٢٠٠٠، ص ٢٥٠). دیارترین کێشەکانیش بریتیین لە: (گەرمبوونی زەوی، کونبوونی چینی ئۆزۆن، پیسبوونی تیشکاوی، پیسبوونی هەواو بارانی ئەسیدی، پاشەڕۆکە ئەتۆمییەکان. (آر. آیە. بوکانان، ٢٠٠٠، ص ٢٥١ ـ ٢٥٤).

جگە لەم کێشە و بابەتانە، شاعیر ڕەهەندی سیاسی تێکچوونی ژینگەی فەرامۆشکردووە، لەم میانەدا ئاماژەی بە وێرانکارییەکانی جەنگ کردووە، لەلایەک جەنگ دەبێتە مایەی چەندان مرۆڤ وەکو قوربانییەکی ئەو جەنگە، لەلایەکی دیکەش پاشماوە و شوێنەواری ڕژێمە سەربازییە دکتاتۆرەکان کە خۆی لە دیمەنی وێرانکردنی ماڵ و وڵاتی هاوڵاتیان دەبینێتەوە. لە کۆتایی شیعرەکەدا، زەوی مەرگی خۆی ڕادەگەیەنێت و ڕستەکانی:

من تەنیا مردوویەک دەبم
هیچ لەدوای خۆم جێناهێڵم
نەمیراتگر و نەمیرات

ئاماژە بە کۆتایهاتنی هەموو سیماو بنەماکانی ژیان دەکات، ئەمەش کۆتایهاتنێکی ترسناک و تراژیدییە بۆ مرۆڤ. لە ڕووی هونەرییەوە ، ئەمە تەواوکاری ناوەڕۆکی ناونیشانی دەقەکەیە. کەواتە کۆتایی دەق پەیوەندییەکی بەتینی ناونیشانەکەیەوە هەیە و چاوەڕوانی خوێنەر بەدیدەهێنێت، بە دەربڕینێکی دی ئەوەی خوێنەر لە ناونیشانی دەق بەدیدەکات و ترسی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

قەومانی ڕووداوێکی ترسناکی لیدەکات، دێتە دی و ئەمەش پتەویی پەیوەندیی ناونیشان بە کۆی ئەزموونی ئەدەبیی دەقەکەوە دەخاتەڕوو.

بە دیوێکی دیکەدا ئەم دەقە زەنگ لێدانێکە بۆ فریاکەوتنی زەوی و ژینگەو ژینی مرۆڤ کە تا بەیەکجاری تیا نەچووە فریای خۆمان بکەوین، هەڵبەتە ئەم زەنگلێدانەش نیشانەی هۆشمەندیی ئیکۆلۆژییانەی شاعیرە، لەبەر ئەوەی خاوەن ڕوانینێکی ژینگە و مرۆڤ دۆستانەیە، کێشەی زەوی و ژینگە دەکاتە ناوەرۆکی ئەزموونی ئەدەبیی دەقەکەی، ئەم هەڵوێست و ڕوانینەی شاعیر هاوڕایە لەگەڵ هزرو هەڵوێستی ئاراستەی (ئەخلاقی بەرپرسیارێتی) کە باڵێکی نێو فەلسەفەی ژینگەگەراییە و فەیلەسوفی ئەڵمانی هانس جوناس (١٩٠٣ ـ ١٩٩٣) نوێنەرایەتی دەکرد و زیاتر داوای ڕاگرتنی هاوسەنگیی دەکرد لە نێوان ژینگە و پێداویستییەکانی مرۆڤ لە ڕوانگەی درککردن بە مەترسییەکانی ژینگە. (هانس) کاری لەسەر پرەنسیپی (بەرپرسیارێتی ئەخلاقی) کردووە. (مصطفى النشار، ٢٠١٥، ص ٦٢ ـ ٦٣).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# ئەنجام

١. دەقی (وەسێتنامەی زەوی) دەقێکە بە ناونیشان و سەرتاپای ئەزموونە ئەدەبییەکەیەوە، تەواو سەر بە ئەدەبی ژینگەگەراییە (Literary Ecology =)، دەتوانین وردتر بڵێین، دەقی (وەسێتنامەی زەوی) نموونەیەکی دیاری (شیعری ئیکۆلۆژی = Ecology poetry)یە.
٢. شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد) لە ڕوانینێکی ژینگە دۆستانەوە و وەکو هاولاتییەکی جیهانی لە کێشەی زەوی و ژینگەی ڕوانیوە، بە مانایەکی دی سنووری نەتەوە و جوگرافیای ناوخۆیی بڕیوە، ئەمەش بۆ خۆی ئەدگارێکی فەلسەفەی ژینگەگەراییە . واتە هاواری شاعیر بۆ دانیشتوانی گۆی زەوییە، نەک نەتەوە و جوگرافیایەکی دیاریکراو. ئەمەش جگە لە ڕوانینە مرۆڤ دۆستییەکەی نیشانەی بوونی هۆشمەندییەکی ژینگەیی باڵایە لای شاعیر.
٣. دەقی (وەسێتنامەی زەوی) وەکو دەقێکی ئەدەبی و لە ڕێگەی گەمەیەکی ئیستاتیکییەوە، ڕووی دزێو و مەترسیداری نێگەتیڤییانەی زانست و تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ دەخاتەڕوو، بەمەش زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات، بەر لەوەی کار لەکار بترازێت.
هەر لێرەشەوە دەیەوێت پێمان بڵێن، زانستێک چ بایەخێکی هەیە، گەر ببێتە مایەی وێرانکردنی زەوی.
٤. گەمەی ئیستاتیکی دەقی (وەسێتنامەی زەوی) لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵێکی شاعیرانەوە، لە ڕێگەی گەمەی ئیستاتیکی (بە مرۆڤکردنی زەوی)یەوە، (گۆی زەوی) هێناوەتە قسەو بەم شێوازە پەیامی دەق دەگەیەنێتە خوێنەر.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان


١. آر. آیە. بوکانان (٢٠٠٠) **<u>الالة قوة رسلطة</u>**، ت: شوقی جلال، مطابع الوطن، الکویت.

٢. أورسولا. ک. هایزه، **<u>العلم والنقد الأیکولوجی</u>**، ت: معین رومیة، http://maaber.50megs.com/issue_may08/deep_ecology1.htm

٣. دلیلة مکسح، **<u>ملامح الشعر الایکولوجی فی الجزائر</u>**، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ( http://maaber.50megs.com/issue_march17/deep_ecology1.htm ).

٤. جرج جرارد (٢٠٠٩)، **<u>النقد البیئوی</u>**، ت: عزیز صبحی جابر، ط١، کلمة ـ هیئة أبو ظبی، الأمارات.

٥. جمیل حمداوی (٢٠١١)، **<u>نظریات النقد الأدبی فی مرحلة ما بعد الحداثة</u>**، pdf، موقع: (http://www.alukah.net/library/0/60527/).

٦. حفناوی بعلی (٢٠٠٧)، **<u>مدخل فی نظریة النقد الثقافی المقارن</u>**، ط١، مئشورات الاختلاف، الجزائر.

٧. دیفید کارتر (٢٠١٠)، **<u>النظریه الأدبیة</u>**، ت: د. باسل المسالمة، دار التکوین، دمشق.

٨. زینب منصور حبیب (٢٠١١)، **<u>المعجم البیئی</u>**، ط١، دار أسامة، الأردن.

٩. مایکل برانش، **<u>النقد الأیکولوجی</u>**، ت: معین رومیه، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی: ( http://www.maaber.org/issue_june08/literature2.htm ).

١٠. مایکل زیمرمان (٢٠٠٦)، **<u>الفلسفة البیئیة</u>**، ج١، ت: معین شفیق رومیة، مطابع المجموعة الدولیة، الکویت.

١١. محمد أبو الفضل بدران، **<u>النقد الأدبی البیئی</u>**، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی: (http:www.sva.edu.eg/badrah/research.htm).

١٢. محمود عبدالوهاب (١٩٩٥)، **<u>ثریا النص</u>**، دار الشؤون الثقافیة، بغداد.

١٣. مصطفی النشار (٢٠١٥)، **<u>مدخل الی فلسفة البیئة والمذاهب الأیکولوجیة المعاصرة</u>**، ط٢، الدار المصریه اللبنانیة، قاهرة.

١٤. م. هـ ابرامز (١٩٨٧)، **<u>المدارس الحدیثة فی معجم المصطلحات الأدبیة</u>**، ت: عبدالله الدباغ، مجلة (الثقافة الامنیة) ع (٣)، بغداد.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

الملخص

هذه الدراسة المعنونة ب(النص الشعري (وصية الارض) للشاعرة (كزال احمد) على ضوء (النقدالايكولوجي ). هي دراسة تحليلية للنص الشعري المذكور من وجهة نظرالنقد الايكولوجي الذي نشأت في مرحلة مابعد الحداثة، يتكون البحث من مقدمة ومحورين رئيسيين . خصص الباحث المحور الاول لتوضيح خصائص و اتجاهات النقد الايكولوجي. بينما خصص المحور الثاني لتحليل النص الشعري المذكوروتحديد مستوى الوعي البيئي للقصيدة تجاه مشاكل البيئة في المجتمع المعاصر وهذا بطبيعة الحال جزء من مساهمة الشعر الكوردي المعاصرفي تنمية الوعي البيئي .

## ABSTRACT

This study is entitled "The poetic text (the will of the earth)" by the poet (Kazal Ahmad) in the light of Eco- criticism. Is an analytical study of the poetic text mentioned from the point of view of the ecological criticism that emerged in the postmodern phase. The research consists of an introduction and two main axes. The researcher devoted the first axis to explain the characteristics and trends of ecological criticism. While the second axis was devoted to the analysis of the poetic text mentioned and the level of environmental awareness of the poem towards the problems of the environment in modern society and this is naturally part of the contribution of contemporary Kurdish poetry in the development of environmental awareness.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)